حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەت

حكومة اقليم كوردستان
مجلس الوزراء
السكرتارية

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (١٤٠) لە ٢٠٢٢/٤/٦

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٧٩) لە ٢٠٢٢/٤/٦، و بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی هەر قەیرانێکی چاوەڕوانکراو لە بواری بەرهەم و پێداویستییە خۆراکییە سەرەکییەکان بە هۆی جەنگی ڕوسیا-ئۆکرانیا و ڕێگەگرتن لە گرانبوونی نرخ لە بازار، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. پەسەندکردنی پێشنیاری وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان سەبارەت بە هەڵگرتنی گومرگ بۆ ماوەی (٢) دوو مانگ لەسەر ئەو بەرهەم و پێداویستییە خۆراکییە سەرەکییانەی خوارەوە:

أ) ئارد.

ب) برنج.

ج) زەیتی گوڵەبەڕۆژە.

د) زەیتی گەنمەشامی.

هـ) ڕۆنی ڕووەکیی بەستوو.

و) ڕۆنی حەیوانیی بەستوو.

ز) چای ڕەش.

ح) شەکر.

ت) پاقلەمەنیی وشک (نۆک، نیسک، پاقلە، لۆبیا، فاسۆڵیا، ماش).

ی) شیری منداڵان بە هەموو جۆرەکانییەوە.

٢. دواخستنی وەرگرتنی باج لە بازرگانانی هاوردەکاری بەرهەمە خۆراکییەکان.

٣. ئاسانكاری و كەمكردنەوەی ڕۆتین لەلایەن وەزارەتی تەندروستی بۆ هەمان بەرهەم و پێداویستییەكانی ئاماژەپێدراو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە، هاوشێوەی ئاسانكارییەكانی سەردەمی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی كۆرۆنا بە مەرجێک كوالێتی كۆنترۆڵی خۆراک ڕەچاو بكرێت.

٤. جێبەجێكردنی (ڕۆژژمێری كشتوكاڵ) پاڵپشت بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٣٣) لە ٢٠٢٢/٢/٢٣ بە ڕەچاوكردنی بڕگەی (١)ی بڕیارە.

٥. بەردەوامبوونی كاروبارەكانی ژووری ئۆپەراسیۆن لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆكان كە بە بەشداریی سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەكان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ پێكهێنراوە بە مەبەستی چاودێریی نرخ و بازاڕ.

٦. ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوە بۆ ئەنجامی ڕێكارە پێشنیاركراوەكانی ئاماژەپێدراو لە بڕگەكانی سەرەوە، دوای (٢) دوو مانگ لە جێبەجێكردنیان.

٧. گشت وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەكان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەكەن.

مەسرور بارزانی

سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران